# ئاگاداری بۆ کارساز , بازرگان و خاوەنکارانی کوردستانی و عێراقی لە هۆڵەندا

بەرێزان....

پاش پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق، ئاسۆیەکی درەوشاوە وڵاتەکەمانی گرتەوە و بۆ هەتا هەتایە گەلانی عێراق لە ستەم و چەوسانەوە ڕزگارییان بوو. هەرچەندە سەدها کۆمپانیای بێگانە ئامادەباشیی خۆییانیان کردووە بۆکارکردن لە وڵاتەکەمان، بەڵام بەهۆی کردووە تیرۆریستییەکان هەندێکیان توشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بوون. بەڵام خۆشبەختان پاش هەڵبژاردنە پڕ شکۆکەی گەلانی عێراق ، ئیتر دواڕۆژێکی گەشتر لە ئاسۆی وڵاتەکەمان لە دەرکەوتندایە.

ئیستاش ئێوەی بازرگان و کارساز و پیشەکار و خاوەنکارانی دانیشتوی هۆڵەندا، کاتی ئەوە هاتووە کە لە ترس و دڵەڕاوکی سەردەمی دیکتاتۆری خۆتان ڕزگارکەن و بە ئاشکرا قۆڵی خەباتی لێ هەڵماڵن و بەشداری بکەن لە ئاوەدانکردنەوە و نوێژەنکردنەوەی وڵاتەکەتان.
بۆیە هەر بە باشمان زانی کە کۆبەەنەوەیەکی گشتی ساز بکرێت بۆ دامەزراندنی سەندیکایەك وە یان ڕێکخراوێکی تایبەت بە خاوەنکارانی عێراقی و کوردستانی لە هۆلەندا، بۆ ئەوەی هەم بەرژەوەندی خۆمان هەم بەرژەوەندی وڵاتەکەمان ڕەچاو بکەین لەم کاتەدا کە پێویستە هەموو توانەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان ،و توانا و سەرمایەکانی خۆمان دڵسۆزانەتر، ئەتوانێت بەشداری دامەزراندنی وڵاتێکی ئلوەدان و دیموکرات و ئاشتی بکات.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت، ئەم کۆمەڵەی کە دائەمەزرێت ناچێتە ژێر ڕکێفی هیچ گروپ و پارتێکی سیاسیەوە، تەنها هاونیشتمانی عێراقی یان هەرێمی کوردستان ، بەسە بۆ ئەوەی ببیتە ئەندام لە کۆمەڵەدا، بە مەرجێك خاوەنی مۆڵەتنامەی ژووری بازرگانیی KVK بیت.

تکایە با ئێمەش وەك گەلانی دیکەی دانیشتوی هۆڵەندا ، خاوەنی کۆمەڵ و سەندیکای تایبەتی خۆمان بین، هەم بۆ خۆڕێکخستن لە هۆڵەندا و هەم بۆ بەشداری کاریگەرانەمان لە ئاوەدانکردەوەی وڵاتەکەمان،و ببینە کەناڵێکی سەرمایە گوزاری لەنێوان ئێرە و ئەوێدا.

چاوەڕێی هاتنە پێشەوتانین ، تا کات و کارتان لەدەست نەچووە، با دەست بیکاربین.
بۆ ناونوسن, تکایە ئە زانیارییانەمان بۆ بنێرن:
1- ناوی خۆت
2- ناوی کار و بەرژوەندییەکەت
3- ژمارەی KVK
4- ناونیشان و ژمارە تەلەفۆن

بۆ :

info@rozatravel.com
**Tel: 06-461 444 39**
**Fax: 070-38 81 973**